# The Social and Economic Situation of People with Special Needs in Soran Independent Administration

ashti Dhahir qader[1], karzan hasan abdulrahman[2]
[1] Soran University, [2] Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2695.06*

*Published: 16/8/2026*

## *Abstract*

*This study explores the social and economic conditions of special needs people with disabilities, with a particular focus on individuals with physical impairments, and examines how they strive to meet their basic needs. The research draws on Erving Goffman's theory of social stigma and Abraham Maslow's Hierarchy of Needs to better understand their lived experiences. A qualitative approach was employed, using semi-structured interviews for data collection. The study was conducted in Soran City, utilizing a purpose sampling to identify participants. In total, 15 individuals with physical disabilities, 7 female and 8 males were interviewed. The findings reveal that the social environment for individuals with disabilities is often marked by exclusion, pity, and unequal treatment. They are frequently marginalized and excluded from social participation. Economically, participants face significant challenges due to limited employment opportunities linked to their physical conditions.*

***Keyword**: Social situation, Economic Situation, people with special needs, basic needs.*

# ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران

ئاشتی ظاهر قادر[1] – کارزان حسن عبدالرحمن[2]

[1,2]زانکۆی سۆران، سۆران

**پوختە:**

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیەکی چۆنایەتییە بۆ زانین و دیاریکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئاست و جۆری تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت. لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە تیۆری (ستێگمای کۆمەڵایەتی) (ئیفرینگ گۆفمان) و تیۆری (Needs Human پێویستی مرۆیی) (ئەبراهام ماسلۆ) بەستووە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە کە چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەشمان شارۆچکەی سۆرانە و جۆری نموونەکەش مەبەستدارە. قەبارەی نموونەی توێژینەوە لە (15) بەشداربووی خاوەن پێداویتسی تایبەت پێکهاتووە، کە (7) کەس ڕەگەزی مێینە و (8) کەس لە ڕەگەزی نێرە. گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئاستێکی باشدا نییە، چونکە تێروانینی خەڵک بۆ ئەم توێژە زیاتر بە چاوی بەزەیی و نەرێنی سەیردەکرێن، لە هەمانکاتدا ناو و ناتۆرەیان بەرامبەر بەکاردەهێنرێت، بەشداریکردنیان لە چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان وەک کەسانی ئاسایی نین. لە ڕووی ڕەوشی ئابووریشەوە بارودۆخیان خراپە، لە لایەک بە هۆی تایبەتمەندی جەستەیی هەندێکیان دووچاری ڕەتکردنەوە بوونەتەوە، لە دەرفەتی کارکردن بێبەش بوونە. هەروەها لە ڕووی دەستڕاگەیشتن و دابینکردنی

پێداویستییەکانیان بۆ بەشێکیان لە ئاستێکی باشدا نییە، ئەمەش بە هۆی خراپی ڕەوشی ئابووری وکۆمەڵایەتییان.

**وشە کلیلییەکان:** ڕەوشی کۆمەڵایەتی، ڕەوشی ئابووری، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، پێداویستییە سەرەکییەکان.

## پێشەکی

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەموو کۆمەڵگەیەک بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەک جیادەکاتەوە خۆی دەبینێتەوە لە سروشتی تێڕوانین و ڕەفتاری خەڵک بەرامبەر ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە (الختاتنة، 27:2000).

ئیدارەی سەربەخۆی سۆران وەک هەموو شارەکانی تری هەرێمی کوردستان ژمارەیەک کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت لەخۆدەگرێت، لە کاتی سەردانکردن لە ساڵی (2025 ) بەپێی ئەو داتایەی لە بەشی ئاماری کۆمەڵەی سۆران بۆ کەمئەندامان بە دەست توێژەران کەوتووە، خاوەن پێداویستی تایبەت بە هەموو جۆرەکانییەوە ژمارەیان (1748) کەسە، پۆلێنکراون بۆ ئەم توێژانە وەکو: (شەلەل دەماغ، ئۆتیزم، جەستەیی، بیرکۆڵ، نابیست، نابینا، کورتەباڵا، داون، دواکەوتوویی ئەقڵی (هیمۆفیلیا)، یەک دەست بڕاو، یەک لاق بڕاو، دوو لاق بڕاو، دوو دەست بڕاو ) (کۆمەڵەی سۆران بۆ کەمئەندامان، 2025). لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە ڕوانگەی تیۆری ستێگمای کۆمەڵایەتی Social Stigma و تیۆری پێداویستییە مرۆییەکان شیکردنەوە بۆ ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکرێت. جێگەی ئاماژەیە ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و چەند تەوەرێکی سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتیین لە:

## تەوەری یەکەم:

### یەکەم- کێشەی توێژینەوە

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەیی پێویستیان بە چاودێری تایبەت هەیە، دەکرێت زیاتر گرنگیان پێ بدرێت، بۆئەوەی ژیانیان باشتر بکرێت و پێداویستییە سەرەکییەکانیان دابینبکرێت (عروج، 153:2022).

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەو تاکانە دەگرێتەوە، کە گرفتی جەستەیی، ژیری یان دەروونییان هەیە. ناتوانن بەشێک لە پێداویستییە تایبەت و کۆمەڵایەتییەکانیان وەک کەسی ئاسایی لە ژیانی خۆیان دابینبکەن، هەر بۆیە ئەو کەسانە پێویستیان بە پشتیوانی تایبەت لە ڕووی ئامراز و ئامادەکردنی شوێن و پێداویستییەکان هەیە (قەرەچەتانی،2016 :109). لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان زۆرجار تووشی دوورخستنەوە یان جۆرێک لە جیاکاری دەبنەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە بە هۆی کۆمەڵگاوە، وەک تەماشاکردنیان بە چاوی بەزەیی، نەوەک بە هۆی لاوازی و بێتوانایی جەستەیان، هەر بۆیە لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، گۆشەگیر بن و بەشداری کارکردنیان سنووردار بێت لە چوارچێوەی کار و چالاکییە کۆمەلاتییەکان. لە لایەکی تر ئەوان ڕووبەڕووی کێشەی گواستنەوە لە شوێنێکەوە و بۆ شوێنێکی تر دەبنەوە و کەمتر دەتوانن بەشداری کار و چالاکییەکانی کۆمەڵگا بکەن (Schur, 2013:275).

کەسانی خاون پێداویستی تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە ئازاری دەروونییان دوو هێندە زیاد بکات بە هۆی کەمی ئەو برە پارەی لە نێوان 100 بۆ 150 هەزار دیناری عێراقی بۆیان دابینکراوە، ئەو برە پارەیە ڕەنگە بەشی دابینکردنی سادەترین پێداویستییە سەرەکییەکانیان نەکات (صراح، 55:2022).

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەکییەی، کە بریتییە لەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی چۆنە و لە چ ئاستێکدایە؟

**دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوە**

1- ئایا ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت چۆنە؟

2- پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چ ئاستێکدایە؟

3- ئایا بەربەرستەکانی بەردەوام ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری خاوەن پێداویستی تایبەت چین لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران؟

4- ئەو پێشنیاز و چارەسەریانە چین بۆ کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خاوەن پێداویستی لە ئیدارەی سۆران؟

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە**

1- خستنەڕووی ڕەوشی کۆمەڵایەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

2- خستنەڕووی ڕەوشی ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

3- دەرخستنی ئاست و کاریگەری پێداویستییە سەرەکییەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە سەر ژیانیان.

**چوارەم: گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەنی تیۆری و مەیدانییەوەیە، لایەنی تیۆری سەرنج دەخاتەسەر بابەتێکی زیندوو لە کوردستاندا، کە بریتییە لە دەرخستنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بە تایبەت کەمئەندامان، لەگەڵ دەرخستنی ئاست و کاریگەری پێداویستییە سەرەکییەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە سەر ژیانیان، لە ڕووی مەیدانیشەوە گرنگە چونکە پشتی بە ڕێککارە میتۆدییەکان بەستووە. هەروەها خستنەڕووی ڕاسپاردە و تێڕوانینی گونجاو، کە بەدەستهاتوون لە سەر بنەمای ئەنجامەکان

دەربارەی واقعی بابەتەکە بە مەبەستی باشترکردنی لایەنی ماددی و دەستڕاگەیشتنی بە خزمەتگوزارییەکان، لەگەڵ دەرفەتی یەکسان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

## تەوەری دووەم: چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

### 1-ڕەوشی کۆمەڵایەتی (Social Situation)

ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی کە تیایدا تاکەکان لە ژێر کاریگەری ژینگە و نۆرم و ڕۆڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کارلێک لەگەڵ یەکتردا دەکەن، یان بارودۆخی کۆمەڵایەتی بە ئامادەبوونی کەسەکان سەرهەڵدەدات و بەردەوام دەبێت (Forgas,2012: 3).

توێژەران لە پێناسەی ڕێککاریدا باوەڕیان وایە، ڕەوشی کۆمەڵایەتی گوزارشتە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت تیایدا دەژین، لە کۆمەڵگادا کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن، لە ژێر کاریگەری بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان. واتە، جۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و تێروانینی کۆمەڵگا بەرامبەر چالاکی و تواناکانیان و ڕادەی ڕێزگرتنیان وەکو تاکێکی ئاسایی، ئەوا بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێت.

### 2- بارودۆخی ئابووری ( Economic Situation)

بارودوخی ئابووری ژیان و گوزەران و باری دارایی تاک دەگرێتەوە، ئەمەش چەند ئاستێکی ئابووری لەخۆدەگرێت، وەک پارەی بەردەست لە لایەن بەکاربەرانەوە، ئارەزووی تاک و توانای کڕینی بەکاربەران لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین (صادق، 199:2019).

توێژەران لە پێناسەی ڕێککاریدا بەم شێوەیە بارودۆخی ئابووری پێناسەی دەکەن: گوزارشتە لە جۆری ژیان و ئاستی داهات و دارایی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، لە ڕووی هەبوونی

سەرمایە و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان و توانای دابینکردنی پێداویستییەکان و خەرجی ڕۆژانەیان.

### 3- کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت (Special Needs)

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەو تاکانەن، کە تووشی کەموکوڕی هەمیشەیی یان کاتی دەبن، لە توانای جەستەی، دەروونی یان ڕەفتاری. ئەمەش ڕێگری دەکات لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی ڕۆژانە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسەی خاوەن پێداویستی تایبەت نین (عسل، 40:2012).

پێناسەی ڕێککاری توێژەران بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەو تاکانە دەگرێتەوە، کە توانایان لە کەسانی ئاسایی لە ڕووی فێربوون و چاودێری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لاوازترە. واتە، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەردەوام پێویستیان بە پاڵپشتی ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە هەیە، بۆئەوەی بتوانن هاوشانی کەسانی تری کۆمەڵگە درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن.

### 4- پێداویستییەکان (Needs)

پێداویستی: ئارەزووی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە هۆکار، بە مەبەستی مانەوەی خۆی، بۆ بەردەوامی لە ژیان و پێشکەوتن. یان هەر شتێک کە مرۆڤ ئارەزووی دەکات بیەوێت بەدەستیبهێنێت، ئەو شتە بە پێداویستی دادەنرێت. پێداویستی وەک خۆراک و جلوبەرگ و خانووبەرە، خزمەتگوزاریی تەندروستی و خوێندن، ڕۆشنبیری، مافی تاک لە بەشداریکردن پەرەپێدانی خود، کاڵا و خزمەتگوزاری هۆکارن بۆ ئەوەی پێداویستییە مرۆییەکان پڕبکرێنەوە یان بەدەستبهێنرێن (سماقەیی، 20:2016 ).

لەم توێژینەوەیە مەبەستمان لە سەرجەم پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک خواردن خواردنەوە، شوێنی مانەوە، پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ڕادەی قبوڵکردن و ڕێزگرتن هاندان، ئاسایشی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری تاکەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت کەسانی

خاوەن پێداویستی تایبەت و ڕەخساندنی دەرفەتی ژیانیانم، بۆئەوەی هاوشێوەی کەسانی تری کۆمەڵگا ژیان بکەن.

**تەوەری سێیەم: ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم: توێژینەوەی توێژەران (شڤان عبدالکریم عارف، و واحدە حمە ویس نصرالله ) بە ناونیشانی (کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی نابینایان- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی (عارف، نصرالله، 113:2022, 114, 106 ).**

لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

1- ڕەگەزی مێ زیاتر هەست بە کەمی دەکات بەراورد بە ڕەگەزی نێر.

2 -هەر دوو ڕەگەز هەستیان بە نائومێدی دەکرد، لە هەمانکاتدا زۆربەی خێزانی نابینایانی مێ هەست بە شەرم و کەمی دەکەن لەبەر بوونی کەسی نابینا.

3- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، نابینایانی نێر هەست بە شەرمەزاری لە گرێدانی پەیوەندیی هاوڕێیەتی دەکەن.

**دووەم: توێژینەوەی توێژەران (جاجان جمعة محمد ، و میران محمد صالح ) بە ناونیشانی (مشكلات ذوي الاحتياجات الخاصة و أسرهم ووجهة نظر العاملين في مراكز الرعاية الاجتماعية ) واتە (کێشەی خاوەن پێداویستی تایبەت و خێزانەکانیان لە ڕوانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی) لە پارێزگای دهۆک ئەنجامدراوە (محمد و صالح، 738:2024، 749،750 ).**

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

1- لە ڕووی دەروونی کێشەی وەک نەبوونی متمانە بەخۆبوون، هەستکردن بە شەرمەزاری، دڵەڕاوکێ، هەستکردن بە کەمی هەیە.

2- لە ڕووی تەندروستییەوە، کێشەی جەستەیی وەک قسەکردن، هەناسەدان هەیە.

3 – لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، خاوەن پێداویستە تایبەتەکان کێشەیان لەگەڵ بیر و بۆچونی نەرێنی و گاڵتەپێکردن و هەڕاسانکردن و تێکەڵاوبوون و بەستنی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانیان هەیە.

4– لە بواری پەروەردەیی کێشەیان لەگەڵ نەبوونی تەرکیز، بیرکاری، نووسین هەیە.

**3 – توێژینەوەی توێژەران (Mittal, and Narayan) بە ناونیشانی ( Lived Experiences of Persons With Disabilities Who are Doubly Disadvantaged) واتە، ئەزموونی ژیانی ئەو کەسانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن و دووچاری پەراوێزخستنی دوولایەنە بوونەتەوە**

**( Mittal and Narayan,2024: 72 ).(**

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

1– پشتگیری خێزان و ئەندامانی کۆمەڵگا، وایکردووە، متمانە لای خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دروست نەبێت، ببێتە هۆی ئەوەی کە تواناکانی خۆیان بەکاربهێنن.

2– نەبوونی هۆشیاری گشتی، نەبوونی ئاسانکاری بۆ بەردەوامیدان بە خوێندن و نەبوونی مامۆستایی ڕاهێنراو، نەبوونی ژینگە و سەرچاوەی دەستڕاگەیشتن. هەروەها هەبوونی زەبروزەنگ، کە ناتوانن خۆیان بسەلمێنن بۆ بەدەستهێنانی قبوڵکردن لە لایەن کۆمەڵگا.

3– چاودێران نیگەرانی خۆیان بەرامبەر بە داهاتووی کەسانی خاوەن پێداویستی هزری و گەشەکردن دەربڕی. ئاماژەیان بەوە کردووە، ناوچە دوورە دەستەکان، ئەوانەی لە بارودۆخی ژیانی هەژاریدان بەربەست بۆ گەیشتن بە خوێندنی باڵا و دامەزراندنیان دروست دەکەن.

## تەوەری چوارەم: چوارچێوەی تیۆری بەکارهاتووی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا جەخت لە سەر دوو تیۆر دەکەینەوە:

### یەکەم: تیۆری ستێگما (نظرية الوصم) (Stigma Theory)

هەریەکە لە فرانک تانینبوم، ئیدواین لێمرت، هاوارد بیکەر، ئیفرینگ گۆفمان بە پێشەنگی تیۆری ستێگما دادەنرێن (شایب، و بعیو، 29:2017 ). ستێگما لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە، گۆفمان وەریگرتووە بۆ ئاماژەدان بەو نیشانە فیزیکیانەی کە بۆ ئاشکراکردن شتێکی نائاسایی و خراپ، سەبارەت بە باری ئەخلاقی دارێژراون. نیشانەکان وەک سووتاندن یان تاتۆ لە سەر پێستی کەسانی تاوانبار، کۆیلە یان خیانەتکار دەکرا. ئەمەش ئاماژە بۆ هەڵگرتنی نیشانەیەکی قەدەغە، بۆئەوەی وەک کەسانی پەڵەدار یان لە ڕووی ئەخلاقییەوە بناسرێنەوە بە تایبەت لە شوێنە گشتییەکان. واتە، ئەم نیشانەیە هۆکارێک بوو بۆئەوەی لە بەردەم خەڵکدا بناسرێنەوە، تاوەکو خەڵکی لێیان دووربکەونەوە ( Goffman,1963:1).

ستێگما بە سیفەتێکی ڕقاوی وەسفی دەکرێت، کە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، دەبێتە هۆی مانای نەرێنی بە تاکێکەوە ببەسترێتەوە، وا لە تاک دەکات هەست بە کەمی بکات (شایب، و بعیو،24:2017). لە پاڵ ئەوەش بە بیروباوەڕی نەرێنی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی فۆرمولە دەکرێت. واتە، وێنەی مرۆڤ بە شێوەیەکی نەخوازراو وەسف دەکرێت، تا وای لێدێت، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دوور بخرێتەوە چ بە هۆکاری دەروونی و هزری بێت یان جەستەیی (کریم، ومحسین، 319:2021). گۆفمان ستێگما بۆ سێ جۆر دابەش دەکات:-

#### 1 – ستێگمای جەستەیی: (Physical Stigma)

کاتێک ئەو ستێگمایە ڕوودەدات، کە تاکەکان لە ڕووی پێکهاتەی جەستەیانەوە ناتەواویان پێەوە دیاربێت، وەک شێواندنی شێوەی دەموچاو، کوێربوون، کەمئەندامی، نەخۆشیەکانی پێست یان قەڵەوی، زۆرجار ئەم تاکانە بە پشتبەستن بە ڕواڵەتیان وەک کەمتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت (زادە، صالحي و پراندوجي،165:2021).

#### 2– ستێگمای کارێکتەری: (Character Stigma)

گۆفمان پێی وایە، ئەم جۆرە پەیوەندی بەو تاکانەوە هەیە، کاتێک ڕەفتارێک ئەنجام ئەدەن، کە لە لایەن کۆمەڵگە قبوڵکراو نییە، بۆ نموونە، ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر، ڕەفتاری تاوانکاری، نەخۆشی دەروونی، ستێگما لەو گریمانەکانەوە سەرهەڵدەدەن سەبارەت بە کارەکتەری کەسی یان شکستی ئەخلاقی (Goffman,1963: 5)

**3- ستێگمای خێڵەکی :(Tribal Stigma)**

ئەمەش یەکێکی ترە لەو ستێگمایانەی گۆفمان بۆ ئەو تاکانەی دەیگەڕێنێتەوە، کە بە هۆی ئەندامێتییان لە گروپێکی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، نەتەوە، ئایین، چەواشە دەکرێن، ئەم ستێگماکارییە دەشێت بۆماوەیی یان پەیوەست بن بە تایبەتمەندییە نەخوازراوەکانی گروپەکەوە (Goffman,1963: 5). دەتوانین تیۆری گۆفمان لەم توێژینەوەیەدا بۆ شیکردنەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەکاربهێنین. چونکە گۆفمان پێی وایە، ئەو کەسانەی کەمئەندامی جەستەیی یان دەروونی یان کەموکوڕییان هەیە، ڕووبەڕووی ستێگمای کۆمەڵایەتی دەبنەوە. ئەمەش کاریگەری لە سەر کارلێککردنیان لەگەڵ کەسانی تری ناو کۆمەڵگا دەبێت. ئەم ستێگمکارییە دەتوانێت بیانخاتە پێگەیەکی بەرگرییەوە، کە ناچارن بە شێوازی ئاڵۆز بۆ پاراستنی وێنەیەکی پەسەندکراوی کۆمەڵایەتی کارلێک لەگەڵ ئەوانی تر بکەن. گۆفمان باوەڕی وایە، ستێگما تەنیا دیاردەیەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو تەواو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کەسانی ئاسایی کە خاوەن پێداویستی تایبەت نین، ئەو ستێگمایە واتە، ئەو تێڕوانینە نەرێنیانەی جیاکاری دروستدەکەن، سەرچاوەی دروستبوونیشی بۆ نۆرمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دەگەڕێتەوە. واتە، تێڕوانینی خەڵک ئەوە یەکلایدەکاتەوە، کە لە کۆمەڵگە چ کەسێک قبوڵکراو بێت.

**دووەم: تیۆری پاڵنەرەکانی مرۆڤ (Theory of Human Motivation)**

تیۆری ماسلۆ بە یەکێک لە تیۆرە پێشەنگەکان دادەنرێت، لە بواری لێکدانەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤ و تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤ و چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەم تیۆرە لە لایەن ئەبراهام

ماسلۆ لە ساڵی (1954) لە کتێبێک بە ناوی پاڵنەر و کەسایەتی ئاماژەی پێکراوە ( سغیر، 2023: 6 ).

**یەکەم: پێداویستییە سەرەتاییەکان یان فیزیۆلۆژییەکان ( Physiological Needs )**

ئەو پێداویستییە سەرەکییانە بە خاڵی دەستپێک بۆ تیۆری پاڵنەر دادەنرێت و پێیان دەگوترێت، پاڵنەرە فیزیۆلۆژییەکان. ئەمەش پێویستە بۆ پاراستنی مانەوەی مرۆڤ وەک پێویستی خۆراک و ئاو و سێکس و شوێنی مانەوە لەخۆدەگرێت ( Maslow,1954:36).

**دووەم: پێداویستییەکانی سەلامەتی (Safety Needs )**

ئامانجی تێرکردنی ئەو پێداویستییە بریتییە لە ڕزگاربوونی مرۆڤ لە ترس و دڵەڕاوکێ و هەڕەشە بە هەموو شێوەکانییەوە. پێداویستییەکانی سەلامەتی لە ڕوانگەی ماسلۆ دابەشدەکرێت بۆ ئاسایش، پاراستن، ڕزگار بوون لە ترس، دڵەڕاوکێ و ئاژاوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە پێکهاتە، یاسا و سنور ڕێکخستن هەیە ( Maslow,1954:39).

**سێیەم: پێداویستی خۆشەویستی یان سۆزداری (Love Needs)**

ئەم پێداویستییە بریتییە لە ئارەزووی مرۆڤ بۆ دروستکردنی پەیوەندی سۆزداری و هەستیاری لەگەڵ کەسانی دەوروبەر لە ناو کۆمەڵگادا، بە تایبەتی لەگەڵ کەسە گرنگەکانی لە ژیانی تاکدا. ئەم پێداویستییانە لەو هەستەدا سەرهەڵدەدات، کە تاک ئەزموونی دەکات لەگەڵ هاوڕێ، ئازیزان، منداڵ یان ئەوانەی لە نزیکەوەن و ژیانیان لەگەڵ بە سەر دەبات (مصطفی،2022:197).

**چوارەم: ڕێزگرتنی خود ( دانپێدانان ) (Self Esteem)**

هەموو تاکێک دەیەوێت بە بەهای تاکە کەسی خۆی بگات، وەک تاکێکی ناو کۆمەڵگا. پڕکردنەوەی ئەو پێداویستییەش هەستی هێز و متمانە، شایستەیی و کارامەیی، لەگەڵدایە ( سغیر، 2023:7). لە کاتێکدا پڕنەکردنەوەی ئەم پێویستییە دەبێتە هۆی هەستکردن بە لاوازی،

بێدەسەڵاتی و کەمتەرخەمی. هەروەها هەستی ڕێزگرتن لە خود پەیوەندییەکی نزیک بە سەرکەوتنی تاک لە ئەرکەکانی ژیانیدا هەیە. واتە، کاتێک تاک هەست بەڕێزگرتن دەکات (مصطفى،197:2022).

**پێنجەم: پێویستی خود بەدیهێنان ( self-actualization)**

ئەم پێویستییە لە لوتکەی هەڕەمەکەی ماسلۆ دایە. ئەو مرۆڤانە بەم تایبەتمەندییە دەناسرێنەوە، ئاستێکی بەرزی داهێنانیان هەیە، خۆیان و ئەوانی تریش قەبوڵ دەکەن، تاکەکەس کاتێک دەتوانێت دەستی بەم پێویستییە بگات، کە پێداویستییەکانی پێشووتر پڕکرابێتەوە یان جێبەجێکرا بن (مصطفى،197:2022).

کاتێک خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەگەن بە پێداویستی خود بەدیهێنان، ئەگەر لە پێداویستییەکانی دیکە بێبەشنەکرا بن. واتە، ئەگەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕووی ئابووری کێشەیان نەبێت و پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن، لە هەمانکاتدا لە ڕووی ڕێزگرتن و دانپێدان و بەشداریکردنیان لە کۆمەڵگا قبوڵکراو بن، ئەو کات دەتوانرێت بە دوای پێداویستی خود بەدیهێنان بگەڕێن.

## تەوەری پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە (Research Method )

### 1 -میتۆدی چۆنایەتی Qualitative Method

میتۆد بریتییە لە کۆمەڵە ئامرازێکی پێوانەیی لە لایەن توێژەران بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە سەرەکی و لاوەکی دەربارەی ژینگە، مرۆڤ، هزر، ماددە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەیەکەوە بەستراو بەکاردێت و بە شێوەیەکی زانستی شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت (سلیم و هاوکارانی، 329:2018).

توێژینەوەی چۆنایەتی، بریتییە لە گرنگی ئەزموونی خەڵک سەبارەت بە بابەتەکان، پرۆسەکانی دروستکردنی مانا و بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی قوڵ. واتە، بەدەستهێنانی زانیاری

ورد لە نموونەیەکی بچووک، ئەمەش هاندەر دەبێت لە بونیادنانی تێگەیشتنی قوڵ سەبارەت بە هەندێک ڕەهەندی ژیانی کۆمەڵایەتی (Leavy,2022: 9).

### 2-کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە، بریتییە لەو کۆمەڵگەی توێژەر بە لەبەرچاوگرتنی بابەتی توێژینەوەکەی دەستنیشانی دەکات، ئەمەش یارمەتی توێژەر دەدات بۆئەوەی گروپێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە وەربگرێت (بۆکانی، 124:2016 ).

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە. نموونەی توێژینەوەکەشمان بریتییە لە ( نموونەی مەبەستدار) لەم توێژینەوەیەدا (7) خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕەگەزی مێ و (8) لە ڕەگەزی نێر چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە.

### 3-کۆکردنەوەی داتا

چاوپێکەوتن بریتییە لە ئامرازێکی توێژینەوە کە گفتوگۆی زارەکی لە نێوان توێژەر و نموونەی توێژینەوە دەکرێت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەمانجەکانی توێژینەوە (زێباری، 178:2018).

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا یەکێک لە شێوازەکانی چاوپێکەوتنیان هەڵبژاردووە، ئەویش چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراوە. هەروەها پرسیارەکانمان (3) تەوەریان لەخۆگرتووە، کە بریتیین لە (تەوەری ڕەوشی کۆمەڵایەتی، ئابووری، پێداویستییەکان بەپێی پلەبەندی ماسلۆ)، بۆ هەر یەکەیان (5) پرسیارە. واتە، کۆی گشتی پرسیارەکان (15) پرسیارن. لە هەمانکاتدا بۆ زیاتر دڵنیابوون و دەرهێنانی ڕاستگۆی پرسیارەکان، ڕاستگۆیی بۆ کۆی پێوەرەکە. واتە، پرسیارەکانمان دەرهێناوە، پێش ئەوەی ئاراستەی نموونەکەمان بکەین. "ڕاستگۆیی بەکاردێت بۆئەوەی بزانین ئاخۆ پێوەرەکەمان ئەو لایەنە پێوانە دەکات کە پێوەرەکەمان بۆ دروستکردووە" (Maltby, john Liz Day and Macaskill, 2007:57) .

توێژەران پرسیارەکانیان بە سەر (10)* پسپۆر دابەشکرد، کە پێکهاتوون لە کەسانی پسپۆر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستییەتی بڕگەکان. توێژەر سەرجەم تێبینی و گۆڕانکارییەکانی پسپۆڕان بە هەند وەرگرت و چاککردنی بڕگەکانی ئەنجامدا، دەرکەوت پلەی ڕاستگۆی دەکاتە (95.77%). لەبەر ئیتیکی تویژینەوە ناوی بەشداربووان نەنوسراوە، بەڵکو کۆد و ژمارەمان بەکارهێناوە.

## تەوەری شەشەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە

ئەم تەوەری توێژینەوەمان تایبەتە بە خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان، لە ڕێگای وەرگرتنی زانیارییەکانی نموونەکە. هەروەها گفتوگۆکردنیان لە ژێر ڕۆشنای تیۆری و پێداچوونەوەی بە توێژینەوەکانی پێشوو بەپێی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:-

**ئامانجی یەکەم: زانین و دەرخستنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بە تایبەت کەمئەندامان.**

### 1- تێڕاونین و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە چۆن هەڵدەسەنگێنیت بەرامبەر بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە چاوی بەزەیی یان بە چاوی ڕێزگرتن سەیردەکرێن؟

بەشداربووانی ژمارە ( 1 ,2 ,3 ,6 ,7 ,8 ,9 ,12 ,13 ,14 ,15) باوەڕیان وایە، تێڕوانین و هەڵسوکەوتی خەڵک بەرامبەریان نەرێنیە، چونکە بە بەچاوی بەزەیی سەیری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداربووی ژمارە (2) سەبارەت بەو پرسیارە دەڵێت: "کاتێک دەبینن کەسێک خاوەن پێداویستی تایبەتە لەگەڵ ئەوەی چەند جارێک بنیویانە لە هەر بینینێک هەر هەمان تێڕوانین و هەڵسوکەوتی نەرێنی بەکاردێنن، بەڵام بەشداربووی ژمارەکانی (4, 10, 11) تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دابەش دەکەن، بەشێکیان ڕێز لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەگرن، بەشێکیان بە چاوی بەزەیی سەیر دەکەن.

**2 بەژداریکردنت لە چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان چۆنە بۆ نموونە سەردانکردن و پرسە، ئاهەنگی سەری ساڵ، هاوسەرگیری؟**

بەشداربووانی ژمارە (1 ,2 ,3 ,5 ,6 ,14) لە ڕەگەزی مێ بەشداری چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، بەڵام بەشداربووی ژمارە (4) بەشداریکردنی لە چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان کەمە، توێژەران دەپرسن هۆکاری کەم بەشداریکردنت چییە؟ لە وەڵامدا "دەڵێت: ئەگەر هاوڕێ یان دامەزراوەیەک داوای بەشداریکردنم لێبکات، بەشداری دەکەم، ئەگەرنا خۆم حەز ناکەم بەشداری چالاکی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بکەم بە هۆکاری جەستەیی. چونکە خۆم وا هەست دەکەم شایەنی ئەو جێگایانە نیم"، بە هەمان شێوە بەشداربووی ژمارە (14) "دەڵێت: حەزناکەم بەشداری بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پرسە، ئاهەنگەکان وەک هاوسەرگیری زۆر حەزناکەم بەشداری بکەم، لە کاتی مێوانداریش ئەگەر کەسێکی بیانی بێت، واتە یەکەم جار بێت هاتبێتە ماڵمان، لە ترسی ئەوەم هەیە، کە بەچاوی نەرێنی تەماشای بکەن ناچمە لایان".
بەشداربووانی ژمارە ( 7, 8, 9, 10, 11, 12, 13, 15) ی ڕەگەزی نێر لە چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان سنووردارە، وەکو بەشداربووی ژمارە (12) دەڵێت: " لە کاتی بەشداریکردنم لە چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان هەستم بریندارکراوە و ئازاریان داوم بۆ نموونە بە تامەزرۆوە بەشداریم لە چالاکی نیشتمانی کردووە، بەڵام پیانگۆتیمە، بۆ هاتووی، ئێرە جێگای تۆ نییە".

**3-هەست دەکەی ناو و ناتۆرە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەکاردێت؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، دەکرێت دەستنیشانیان بکەیت؟**

سەرجەم بەشداربووانی توێژینەوە کە ژمارەیان (15) خاوەن پێداویستی تایبەتن، پێیان وایە، ناو و ناتۆرە بەرامبەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە لایەن خەڵک بەکاردەهێنرێت، هەندێکیان لە بەشداربووان ناو و ناتۆرە بەرامبەر یان بەکارهێنراوە، وەک (شێت، کۆرە، کەڕ، سقەت، بێتوانا، بێکەڵک)، ئەمەش بەپێی جۆری خاوەن پێداویستییەکەیە، بۆ نموونە، خاوەن

پێداویستی جەستەیی کەسێک ڕۆیشتنی تەواو نەبێت، پێ دەڵێن شەل. یان کەسێک دەستێکی خوار بێت پێی دەڵێن گۆج. بەکارهێنانی ئەو وشانە لە لایەن خەڵک هەڵگری ستێگمای کۆمەڵایەتییە. لە لایەکی تر، هەڵگری توندوتیژی زارەکی و دەروونییە، چونکە ئەو تاکانەی ئەو وشانە بەکاردەهێنن بێئاگان لەوەی کە چەند ئازاری دەروونی کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدەن. بەشداربووی ژمارە (13) دەڵێت: "ناو و ناتۆرە، شتێکی نەشیاوە" توێژەر دەپرسێت ئایە چ جۆرە کاریگەری دەبێت لە سەر خودی خاوەن پێداویستی تایبەت؟ لە وەڵامدا بەشداربووی ژمارە (13) دەڵێت: " کاتێک بە کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت دەڵێن سەقەت، ڕاستەخۆ کاریگەری لە سەر لایەنی دەروونی کەسەکە دەبێت. ئەگەر لە بارودۆخێکی ئەرێنیشدا بێت لەو کاتەدا باردۆخی دەگۆڕێت بۆ نەرێنی، خۆی لە ناو کۆمەڵگا بە کەسێکی کەم دەبینێت". لە لایەکی تر وەڵامی بەشداربووی ژمارە (7) "زۆر جار خۆم لە شەقامەکان ڕۆیشتووم و بەرچاوم کەوتووە کەسانی بەخشراو، لە لایەن خەڵک هەندێکجار جنوێیان پێدەدەن، گاڵتەیان پێدەکەن بە تایبەت ئەو کەسانەی کە داونن یان ئەقڵیان تەواو نییە".

ئەم پرسیارە لەگەڵ تیۆری گۆفمان یەکدەگرێتەوە، چونکە زاراوەی ناو ناتۆرە وەک، پەکەوتە، گەمژە، وەک سەرچاوەی میتافۆری و وێنەسازی بە شێوەیەکی گشتی بەکاریدەهێنین بەبێ ئەوەی بیر لە واتای ئەو وشانە بکەنەوە، کە هەڵگری واتای نەرێنی و ناتەواوییە (Goffman,1963: 5).

## 4- کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان هاوکارن بۆ پەراوێزخستنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان؟

بەشداربووی ژمارە (1) ی توێژینەوەکە دەڵێت: " ئەمە بە پێی ئاستی تێگەیشتنی کەسەکان دەگۆڕدرێت، کەسانی نەزان ڕێگری لە کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن ". بەڵام بەشداربووی ژمارە (2) "دەڵێت داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی بەپێی شوێنەکان دەگۆڕدرێت،

هەندێکجار یارمەتیدەرن، هەندێکجاریش کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت پەراوێز دەخەن".
ئەگەرچی بەشداربووی ژمارە (14) پێی وایە: "خێزان زیاتر ڕۆڵ دەبینێت کە تاکەکەسەکان هاوکاربن یان بە پێچەوانەوە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆئەوەی بەشدار بن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام بەشێک لە بەشداربووانی توێژینەوە (3, 4, 5, 6, 7, 12,11,15) باوەڕیان وایە، کولتوور بەها کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی بەربەستن بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆئەوەی لە کۆمەڵگە بەشداربن. بەڵام چوار لە بەشداربووانی توێژینەوە ( ,13 ,9 ,10 8) پێیان وایە، کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران گۆڕانکاریان بە سەردا هاتووە.

لێرە بۆمان دەردەکەوێت، بەشی زۆری بەشداربووان کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان وەک بەربەست دەبینن لە بەردەم کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە بەشداری بکەن لە چالاکییەکان.

**5- جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت لەگەڵ دەورووبەر چۆنە (خێزان، هاوڕێ، خزم و دراوسێ) بۆچی؟**

زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ دەوروبەر بەهێزە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆیان. تەنیا بەشداربووی ژمارە (2) پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تر لاوازە، بە هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی کە لە ڕووی جەستەییەوە سەلامەتن زۆر بە کەمی هاوڕێیەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن. ئەوانەی هاوڕێیەتیش دەکەن دەیانەوێت پیشانی خەڵک بدەن کە زۆر لە خەمی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتدان، بۆئەوەی لەو ڕێگەیە پۆتیان پێ بدەن ". لە لایەکی تر بەشداربووی ژمارە (13)ی توێژینەوەکەمان دەڵێت: "لە سەرەتای تەمەنی منداڵیم نەمدەتوانی هاوڕێم هەبێت، بە هۆی ئەوەی لە ڕووی جەستەییەوە جیاواز بووم لە کەسانی تر، هەر بۆیە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیم زیاتر لە چوارچێوەی خێزان دەمایەوە.

لێرە بۆمان دەردەکەوێت، کاتێک وشەی بێتوانا، بێکەڵک، کوێر لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت بەکاردەهێنێت بیر لە واتا نەرێنییەکەی ناکانەوە، کە ئەم وشانە کاریگەری لە سەر لایەنی دەروونی خاوەن پێداویستی تایبەت دادەنێت، دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی بریندار بکرێت. سەرچاوەی دروستبوون و بەکارهێنانی ئەم وشانە بۆ پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون دەگەرێتەوە. چونکە تاک لەم پرۆسەیە فێری نۆرم و بەهای کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگە دەکرێت، کولتووری ئێمەش هەڵگری ئەو ناو و ناتۆرەیە. بە پێی وەڵامی بەشداربووانی توێژینەوە بێت.

ئەمەش لەگەڵ **ئەنجامی توێژینەوەی توێژەران حمد و صالح ( 738:2024)** یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەوەیان خستۆتەڕوو، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕووی کۆمەڵایەتی کێشەیان لەگەڵ ڕوانگەی نەرێنی و گاڵتەپێکردن و هەراسانکردن و تێکەڵاوی هەیە. بە هەمانشێوە ڕەوشی کۆمەڵایەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە تێروانینی خەڵک بۆ ئەم توێژە نەرێنییە زیاتر بە چاوی بەزەیی، بێکەڵک، بێتوانا تەماشا دەکرێن. زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان بەهێزە لەگەڵ کەسانی دەوروبەر. بە پێچەوانەی توێژینەوەی توێژەران عارف و نصرالله (113:2022) لە توێژینەوەکەیان ئەوەیان خستۆتەڕوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نابینایانی نێر هەست بە شەرمەزاری لە گرێدانی پەیوەندیی هاوڕێیەتی دەکەن.

**ئامانجی دووەم: زانین و دیاریکردنی ڕەوشی ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.**

**توێژەران لەم ئامانجەدا دەیانەوێت شیکردنەوە بۆ ڕەوشی ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن، ئەویش لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:**

**1- لە بوونی دەرفەتی کارکردن هیچ کات هەستتکردووە بە هۆی تایبەتمەندی جەستەییەوە ڕەتبکرێیتەوە؟**

بەشداربووانی ژمارە (1 ,3 ,4 ,7 ,9 ,11 ,12 ,14 ,15 ) کاردەکەن، لە کاتی کارکردن دووچاری ڕەتکردنەوە نەبوونەتەوە، بە هۆی تایبەتمەندیی جەستەیی، هەرچەندە بەشداربووانی ژمارە (8 ,13) لە ئێستادا بە هۆکاری خوێندن کارناکەن. بەڵام بەشداربووی ژمارە (13) دەڵێت: "چەندینجار سیڤی خۆم ناردووە، بەڵام کە دەزانن خاوەن پێداویستی تایبەتم وەرناگیرێم، بە هەمانشێوە سێ لە بەشداربووانی توێژینەوە (2, 5, 6) کارناکەن، بە هۆی ئەوەی لە لایەن خاوەن کارەکان دووچاری ڕەتکردنەوە بوونەتەوە بە هۆی تایبەتمەندیی جەستەیی، بەبێ ئەوەی تواناکانیان لەبەرچاوبگرن.

لێرە بۆمان دەردەکەوێت بەپێی ستێگمای جەستەیی، کە لە لایەن ئیفرینگ گۆڤمان باسکراوە، کاریگەری لە سەر تاکەکان دادەنێت بە هەمانشێوە بەشێک لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە هۆی تایبەتمەندیی جەستەیی دووچاری ڕەتکردنەوە دەبنەوە، چونکە خەڵک باوەڕی وایە، توانای ئەوان لە کەسانی ئاسایی کەمترە.

**2 -وەکو کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەو مووچەی وەریدەگریت لە حکومەت چەندە و بەشی ژیانت دەکات؟ یان ئەگەر مووچەت نییە کێ هاوکاریت دەکات؟**

سەرجەم بەشداربووانی توێژینەوە باوەڕیان وایە، ئەو برە مووچەی (150) هەزارە بەشی دابینکردنی پێداویستییەکان ناکات. بەشداربووی ژمارە (2) لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێت "کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پاڵ حاڵەتەکەی خۆیان نەخۆشن، خۆم سێ مانگ جارێک پێویستم بە دکتۆرە بە بڕی (400-500) هەزارە. بەشداربووی ژمارە (3) دەڵێت: " ئەو برە پارەیە کە خۆم لە کەرتی تایبەت وەریدەگرم بەشی پێداویستی تەندروستیم ناکات. چونکە بۆ وەرگرتنی چارەسەر سەردانی دەرەوەی وڵاتم کردووە. توێژەران دەپرسن ئەو سەردانیکردنە لە سەر ئەرکی خۆت بووە یان حکومەت؟ دەڵێت: هەندێک سەردانیکردن لە سەر ئەرکی حکومەت بووە، یەکجار لە سەر ماڵەوەمان بووە. ئەم سەردانیکردنانە پێویستی بە تێچووی زۆرە".

بەشداربووی ژمارە (4) دەڵێت: "خۆم دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بوومە بەردەوام پێویستم بە سەردانیکردن لای پزیشک هەیە، کە (2) مانگ یان (3) مانگ جارێک سەردانی دکتۆر دەکەم بۆ وەرگرتنی چارەسەر لە هەولێر.

**3- تا چەند هەست دەکەی لایەنی حکومی و بەرپرس لە خەمی باشترکردنی ژیان و باری ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتدان؟**

بەشداربووانی ژمارە (1 ,7 ,10) دەڵێن: ئەوەی هەستی پێدەکرێت تەنیا بە نووسین و قسە و کۆبوونەوە زۆر کراوە و بینراوە، کەچی تا ئێستا کار بەو یاسا و ماف و ئیمتیازاتە نەکراوە. بەڵام بەشداربووی ژمارە ( 3) دەڵێت: "هەست دەکەم لە خەمی ئەو توێژەدا بن بە دیاریکراوی دەبینرێت ئیش لە سەر باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خاوەن پێداویستان دەکرێت، بە تایبەت رێکخراوە ناحکومییەکان ئەویش لە رێگەی دابینکردنی پێداویستی وەک جلوبەرگ و خواردن". لە لایەکی ترەوە بەشداربووی ژمارە (4) دەڵێت: "تارادەیەک هەست دەکەم کە حکومەت لە خەمی باشترکردنی ژیانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتدایە". لە لایەکی ترەوە بەشداربووانی ژمارە (5 ,6 ,8 ,9 ,11 ,12 ,15,13) دەڵێن: " حکومەت دەتوانێت لە رێگەی دروستکردنی کارت بۆ وەرگرتنی چارەسەر و تێچووی سەردانیکردنی پزیشک و هاتووچۆکردن بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دابین بکات، بە مەبەستی کەمکردنەوەی تێچووی ژیانیان.

**4- دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان کە لە لایەن حکومەت پێشکەش دەکرێن لە ئاستی پێویستدایە دۆخی ئابووری ئێوەی باشکردووە؟**

بەشداربووانی ژمارە (1 ,2 ,3 ,5,4 ,6 ,9 ,11 ,12 ,15,14) پێیان وایە: "کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ناتوانن بە ئاسانی دەستییان بگات بە شوێنە گشتییەکان بە هۆی بەربەستی فیزیکی لە سەر شۆستە و شەقامەکان و بینا و باڵاخانەکانی نۆڕینگەکان، ئەوانەی دوو سێ نهۆمین، لە پارکەکانیش جێگەیەک نییە کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت لێی دابنیشێت، تیایدا

هەست بە ئاسوودەی بکات، هەر چەندە نموونەی توێژینەوەی ژمارەکانی (10, 13, 8) جەخت لە سەر خزمەتگوزاری نەخۆشخانەکان دەکەن، کە بە پێی پێویست نییە.

**5 - تا چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان هاوکاربووینە بۆ باشترکردنی باری ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت؟**

وەڵامی ئەم پرسیارە لای بەشدرابووان، دوو ئاراستەی وەرگرتووە، بەشداربووانی ژمارە (12, 11, 10, 9, 3, 1) دەڵێن: هاوکاری کۆمەڵە و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بە پێی پێویست نییە و لایەنی ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت باش ناکات. بەشداربووی ژمارە (1) دەڵێت: "ئەو هاوکاریەی کە دەدرێت جیاکاری دەکرێت ئەوانەی کە واستەیان هەیە، زیاتر هاوکاری دەکرێن بەروارد بە کەسانی تر". بەشداربووانی ژمارە (2, 4, 6, 8, 13, 14) دەڵێن: "کۆمەک و هاوکاری لە لایەن کۆمەڵە و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان باشە و هەستیان بەوە کردووە، کە خاوەن پێداویستی تایبەت لە دۆخی ئابووری خراپ دان، بەڵام ئەوانیش توانای ئەوەیان نییە بادۆخیان باشتر بکەن". بەڵام بەشداربووی ژمارە (7) دەڵێت: "ئەو ڕێکخراوانە بەس بارگرانین و بە پێویستییان نازانم، چونکە تەنیا لە مانگی ڕەمەزان کارتۆنێک خۆراک یان هەندێک جلوبەرگ دەدەن بە کەمئەندامان هەزار و یەک ڕەسم و ڤیدیۆی لێدەگرن، ئەم کارە لێدانە لە خاوەن پداویستی تایبەت و باردۆخی ئابووریان ناگۆردرێت".

**لێرە بۆمان دەردەکەوێت ڕەوشی ئابووری بەگوێرەی وەڵامی بەشداربووانی توێژینەوە و شیکردنەوەی توێژەران** مووچەی (150) هەزار وەک سەرچاوەی داهات بەشی دابینکردنی پێداویستی تەندروستی ناکات، چونکە لە پاڵ حاڵەتەکەی خۆیان نەخۆشن، ئەوانەی پشت بەو بڕە موچەیە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان دەبەستن لە باردۆخی هەژاریدان. هەر بۆیە زۆرینەی نموونەی توێژینەوە باوەڕیان وایە، لایەنی بەرپرس وەک پێویست هاوکار نەبووە، بە تایبەت لە ڕووی پێدانی مووچە، چونکە دەکرا ئەو بڕە پارەیە زیاد بکرێت، ئەوەی دەبینرێت تەنیا بە شێوازی

نووسراو کارکراوە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردن. لە هەمانکاتدا بەشێک لە نموونەی توێژینەوە دووچاری ڕەتکردنەوە دەبنەوە بە هۆی تایبەتەندیی جەستەیی، لە هەمانکاتدا دەستڕاگەیشتن بە پێی تایبەتمەندیی جەستەیی دەگۆڕێت کەسێک لە سەر کورسی گەڕۆک بێت دووچاری بەربەستی فیزیکی دەبێت، چونکە لە شۆستە و شەقامەکان ڕەچاوی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت نەکراوە.

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئاست و جۆری پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەپێی پلەبەندی ماسلۆ.**

**1- باوەڕت وایە، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ئاسانی دەستییان دەگات بە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان وەک خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون؟**

لەم ئامانجە دەمانەوێت ئاستی پێداویستییەکان بزانیین، کە ماسلۆ لە تیۆری پاڵنەرەکانی مرۆڤ پێداویستییەکان دابەش دەکات، بۆ پێداویستییە فیزیۆلۆژییەکان وەک خواردن و خواردنەوە و سێکس و شوینی مانەوە. دووەمیان پێداویستی سەلامەت و ئاسایش. سێیەمیان پێداویستی خۆشەویستی. چوارەمیان پێویستی ڕێزگرتن و دانپێدانان. پێنجەمیان پێویستی خود بەدیهێنان (Maslow,1954:36).

پێداویستییە بنەڕەتییەکان بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ دادەنرێت لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێداویستییە پرسیار لە (15) بەشداربوو کراوە، سەرجەمیان باوەڕیان وایە، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ئاسانی دەستیان بە دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان ناگات. وەک بەشداربووی ژمارە (7) لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەڵێت: بە شێک لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەستیان بە خواردن و خواردنەوە ناگات، بە تایبەت ئەو کەسانەی دەست و قاچیان نییە. لە جێگە کەوتوون بەردەوام پێویستیان بە کەسێکە یارمەتیان بدات بۆئەوەی دەستییان بە خواردن و

خواردنەوە و پۆشینی جلوبەرگ بگات". بەڵام بەشداربووی ژمارە (8) دەڵێت: " خۆم کورسی گەڕۆک بەکاردێنم ناتوانم بازاری بکەم، بە تایبەت لە کرینی جلوبەرگ و قژ چاککردن، دەستم پێناگات، چونکە دەستم بە دوکانەکان ناگات، بە هۆی ئەوەی لە شەقام و شۆستەکان ڕەچاوی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت نەکراون ".

لێرە بۆمان دەردەکەوێت، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت وەک کەسانی تری کۆمەڵگە نیین، بە ئاسانی دەستیان بە پێداویستییە بنەڕەتییەکان ناگات، بە هۆی تایبەتمەندیی جەستەیی یان بەربەستی شۆشتە و شەقامەکان.

**2 – هەست دەکەیت ژیانت سەلامەت و پارێزراوە لە ڕووی (ئاسایشی دەروونی). واتە، دووری لە دڵەڕاوکێ و ترس لە ژیان؟**

بەشداربووانی ژمارە (1 .3) " لە ڕووی دەروونییەوە هەست دەکەن ژیانیان سەلامەت و پارێزراوە هەست بە دڵەڕاوکێ ناکەن"، بەڵام بەشداربووانی ژمارە (2 ,4 ,5 ,6 ) لە ڕووی داهاتەوە هەست بە سەلامەت ناکەن، هەر وەک بەشداربووی (4) دەڵێت: "بە هۆکاری نەخۆشی هەست دەکەم ژیانم سەلامەت و پارێزراو نییە، زۆرجاریش  نیگەران دەبم، کاتێک دەمەوێت کارێک یان سەردانی شوێنێک بکەم لە ڕووی جەستەیی توانام نییە، بۆیە لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە سەلامەتی ناکەم" . بە هەمانشێوە بەشداربووانی ژمارە ( 7, 8, 12, 14) لە ڕووی دەروونی هەست ناکەن ژیانیان سەلامەت و پارێزراوە. بەڵام بە پێچەوانەوە بەشداربووانی ژمارە (   9, 10, 11, 13, 15) دەڵێن: "لە ڕووی دەروونی هەست بە سەلامەتی دەکەن و ترس و دڵەڕاوکێیان لە ژیاندا نییە.

**3 – وەک کەسێکی خاوەن پێداویستی ئاستی تێکەڵاوی و دۆستایەتییت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر چۆنە؟ هەست دەکەی خەڵک خۆشیاندەوێیت یان ڕقیان لێتدەبێتەوە؟**

بەشداربووانی ڕەگەزی نێر ( 7, 8, 9, 10, 12, 13, 14, 15) هاوشێوەی بەشداربووانی ڕەگەزی مێ (1, 2, 3, 5, 6) دەڵێن: "تێکەڵاوی و دۆستایەتمان لەگەڵ کەسانی دەوروبەر زۆرە، لە کاتی تێکەڵاوی و دۆستایەتی هەست دەکەین خەڵک خۆشی دەوێین. بەڵام ژمارە ( 4) تاکە بەشداربووە دەڵێت: " زۆر تێکەڵاو نیم" چونکە لە ناو خێزانەکەم و هاوڕێکانم یان خزمەکانم کە تێکەڵاویان دەبم هەستێکی زۆر ناخۆشم بۆ دروست دەکەن، چ لە ڕێگەی قسەکردن، هەڵسوکەوت یان جیاکاری دەکەن، هەستی بە کەمزانی و بێتوانایم بۆ دروست دەکەن".

**4 – هەست دەکەی کەسێکی ڕێزلێگیراوی و خەڵک لە کار و تواناکانت ڕازین؟ یان پێچەوانەیە؟**

بەشداربووانی ژمارە (1, 6, 7, 8, 9, 10, 11, 13, 14, 15) دەڵێن: "هەست دەکەین کەسێکی ڕێزلێگیراوین و خەڵک ڕێز لە کار و تواناکانمان دەگرن. بەڵام توێژەر لە بەشداربووی ژمارە (2) دەپرسێت هیچ کات هەستت کردووە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە کەمتر دابنرێن لە کەسانی تر؟ لە وەڵام دەڵێت: "هەستم کردووە، چونکە خەڵک بە پێچەوانە بیردەکەنەوە هەتا کەسێکی ئاسایی هەبێت خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ خۆیان نابەن، بۆئەوەی هەست بە شەرمەزاری نەکەن، بە تایبەت لە کاتی سەردانیکردنی شوێنە گشتییەکان، وەک پارک و چێشتخانەکان، قوتابخانە و پەیمانگا، شوێنی کاردن". بەڵام بەشداربووی ژمارە (3) دەڵێت: "لە سەردەمی منداڵی کاتێک لە قوتابخانە بووم، لە شوێنی کارەکەم هەستم بەوە کردووە، کە کارەکانم بە گرنگ دەزانن و بەهام بۆ دادەنێن". بەشداربووی ژمارە (4) دەڵێت: "هەست دەکەم خەڵک بە گرنگم دەزانن و بەهام بۆ دادەنێن، بە تایبەت دوای ئەوەی دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بووم زیاتر بە کەسێکی بە ئومێد، بە توانا و خۆڕاگر و ورە بەرز دادەنێن". لە لایەکی تر بەشداربووی ژمارە (5) دەڵێت: "ئەو کەسانەی دەمناسن وەک هاوڕێ و خزم و ناسیاوەکان ڕێز لە کەسایەتم دەگرن و بەهام بۆ دادەنێن بە کەسێکی سەرکەووتووم دادەنێن، بە هۆی ئەو توانایەی کە خۆم هەمە و بەردەوامم لە هەوڵدان".

**5 - هەست دەکەی هەموو پێداویستییەکان تێرکراوە و کەسێکی بە هێز و کارامە و سەرکەوتوی لە ژیاندا؟**

بەشداربووانی ژمارە (1 ,4 , 14, 15) لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەڵێن: "هەست دەکەین هەموو پێداویستییەکانمان دابینکراوە و خۆمان بە کەسێکی سەرکەوتوو بە توانا لە قەلەم دەدەین. بەڵام بەشداربووی ژمارە (3) دەڵێت: "هەست دەکەم خەڵک ڕێزمان ناگرن، چونکە کەسانێک هەیە تا ئێستا بە چاوی بەزەییەوە تەماشای خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن. لە لایەکی تر بەشداربووی ژمارە (5) دەڵێت: "خۆم بە کەسێکی سەرکەوتوو دادەنێم، چونکە لە ژیاندا توانیومە ئەو بەربەستانە ببڕم کە هاتوونە ڕێگەم"، هەرچەندە بەشداربووانی ژمارە (9, 11) دەڵێن: "هەموو پێداویستییەکانم دابینکراوە، بەڵام خۆم بە کەسێکی سەرکەوتوو لە قەلەم دەدەم". بەشداربووانی ژمارە ( 2, 6, 7, 8, 10, 12) "هەست ناکەن هەموو پێداویستییەکانیان دابینکراوە، چونکە پێویستیان بە وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو، بوونی ڕێوڕەوی هاتووچۆ لە شەقام و شۆستە و شوێنە گشتییەکاندا هەیە".

**لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت،** بەپێی بۆچوونی بەشداربووانی توێژینەوە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ئاسانی دەستیان بە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی وەک خواردن، خواردنەوە، شوێنی نیشتەجێبوون ناگات. ئەمەش بەپێی تایبەتمەندیی جەستەیی کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت دەگۆڕێت.

ماسلۆ دەڵێت: تاکەکان دوای تێربوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بە دوای پێداویستی سەلامەتی و ئاسایش دەگەڕێن. هەندێک لە بەشداربووانی توێژینەوە لە ڕووی دەروونی هەست بە سەلامەت و پارێزراوی ناکەن. واتە، ترس و دلەڕاوکێیان لە ژیانیان هەیە. توێژەران کۆمەڵێک هۆکار دەخەنەڕوو، کە دەبنە هۆی دروستبوونی ترس و دڵەڕاوکێ لای کەسانی خاوەن

پێداویستی تایبەت، وەک کەمی مووچە، نەبوونی داهاتێکی جێگیر، نەخۆشی درێژخایەن، نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون، ئاستەنگی هاتووچۆ، تێڕوانینی نەرێنی خەڵک، نەبوونی پاڵپشت حکومەت، بیرکردنەوە لە ئایندەی منداڵەکانیان. لە ڕووی پێداویستی خۆشەویستی بەشی زۆری بەشداربووانی توێژینەوە تێکەڵاوی و دۆستیانیان زۆرە، لە هەمانکاتدا هەست بەخۆشەویستی دەکەن. بە هەمان شێوە لە ڕووی پێداویستی ڕێزگرتن و دانپێدانان زۆرینەیان هەست بە خۆشەویستی و گرنگی پێدان دەکەن. دوا پلەی پێویستی خود بەدیهێنان بەپێی پلەبەندی ماسلۆ، سەرجەم بەشداربووانی توێژینەوە بە ڕەگەزی نێر و مێ هەست بە ڕێزگرتن دەکەن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی هێز و متمانە بەخۆیان. کەواتە، دەتوانین بڵێین: کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەست دەکەن خەڵک ڕێز لە کار و تواناکانیان دەگرن. بەڵام لە ڕووی خزمەتگوزاری پێویستیان بە بوونی قوتابخانە و نەخۆشخانەی تایبەتە هەیە، شەقام و شۆستەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران تا ئێستا بە پێی پێویست نییە.

وەڵامی بەشداربووانی توێژینەوە لەگەڵ **ئەنجامی توێژینەوەی توێژەران** ( Mittal and Narayan,2024: 72 ) یەکدەگریتەوە، کە پشتگیری خێزان و ئەندامانی کۆمەڵگە وایکردووە متمانە لای خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دروست بێت. لە هەمانکاتدا ببێتە هۆکارێک کە تواناکانی خۆیان بەکاربهێنن. بەڵام نەبوونی هۆشیاری، باش نەبوونی ئاسانکاری بۆ بەردەوامی خوێندن، نەبوونی ژینگە و سەرچاوەی دەستڕاگەیشتن، زەبر و زەنگی ناچاربوون خۆیان بسەلمێنن بۆ بەدەستهێنانی قبوڵکردن، هەر بۆیە چاودێرانی نیگەرانی خۆیان بۆ داهاتووی کەسانی خاوەن پێداویستی هزری و گەشەکردن دەربڕی. ئاماژەیان بەوە کردووە، هەژاری ژیان بەربەست بۆ گەیشتن بە خوێندنی باڵا دروست دەکەن.

زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوە بە هەردوو ڕەگەزەوە هەست دەکەن کەسێکی کارامە و سەرکەوتوون لە ژیانیاندا.

بە هەمان شێوە بۆ زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوە پشتگیری خێزان بۆتە هۆی ئەوەی کە درێژە بە خوێندن بدەن، کار بکەن. چونکە بەشێک لە بەشداربووان لە کاتی چاوپێکەوتن زۆر جەختیان لە سەر پاڵپشتی خێزانەکانیان دەکردەوە، کە پاڵپشت و هاوکاربوونە، باوەڕیان وابوو، ئەگەر خێزان هاوکار نەبێت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە تەنیا ناتوانن ژیانێکی شایستە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری دابین بکەن.

## تەوەری حەوتەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە

- **ڕەوشی کۆمەڵایەتی**

1- تێکڕای بەشداربووەکانی توێژینەوە بە ڕەگەزی نێر و مێ پێیان وایە، تێڕوانینی خەڵک بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت نەرێنییە، چونکە بە چاوی بە زەیی تەماشایان دەکەن، بە تایبەت لە شوێنە گشتییەکان، تێڕوانینی نەرێنی لە شێوازی تەماشاکردن و قسەکردن و هەڵسوکەوتیان بەدیدەکرێت.

2- زۆرینەی بەشداربووان بە ڕەگەزی نێر و مێ بەشداری لە چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، بەڵام هەندێک لە بەشداربووان توێژینەوە بە هەر دوو ڕەگەز پێیان وایە، لە کاتی بەشداریکردن لە چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕووی ستێگمای کۆمەڵایەتی دەبنەوە، وەک تێڕوانینی نەرێنی، کە خەڵک دەڵێن: بۆ دەهاتی، ئێرە جێگای تۆ نییە، بەم جۆرە هەستیان بریندار دەکرێت.

3- تا ئێستا ناو و ناتۆرەی وەک شەل، کوێر، بێتوانا، بێکەڵک بەرامبەریان بەکاردەهێنرێت.

4- زۆرینەی بەشداربووەکانی توێژینەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ دەوروبەر بەهێزە، بەهێزی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بۆ خودی خۆیان دەگەڕێنەوە.

5- بەپێی زۆرینەی بۆچوونی نموونەکە دەردەکەوێت لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕووبەرووی ستێگمای کۆمەڵایەتی دەبنەوە، ئەمەش کاریگەری لە سەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، بەشداریکردن لە چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و دەروونیان دەبێت.

- **ڕەوشی ئابووری**

1- ستیگمای کۆمەڵایەتی کاریگەری لە سەر دەرفەتی کارکردن دادەنێت، بۆتە هۆی بەشێک لە نموونەکانی توێژینەوە بە هەردوو ڕەگەز لە دەرفەتی کارکردن بێبەش بن.

2- سەرجەم بەشداربووەکانی توێژینەوە بە ڕەگەزی نێر و مێ پێیان وایە، (150) هەزار بۆ خەرجی ژیان زۆر کەمە بەشی دابینکردنی پێداویستییەکانیان ناکات. هەر بۆیە قورسایی ماددی لە سەر ژیانیان دروستبووە.

3- زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوە هاوکاری کۆمەڵە و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بە باش دەزانن، بەڵام ئەو هاوکارییەی کە دەدرێت، تەنیا لە مانگی دیاریکراوە و کەمە، ئەمەش نابێتە هۆی باشترکردنی بارودۆخی ئابووری. بەڵام هەندێکیش پێیان وایە، هاوکاری کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، هەرچەندە کەمە بەڵام بەردەوامبوونیان باشە.

4- بەپێی بۆچوونی بەشێک لە بەشداربووان دەردەکەوێت، ڕەوشی ئابووری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت باش نییە، بە هۆی کەمی مووچە، نەخۆشی، نەبوونی دەرفەتی کارکردن.

- **پێداویستییەکان بە پێی پلەبەندی ئەبراهام ماسلۆ:**

1- دەست ڕاگەیشتن بە پێداویستییە بنەڕەتییەکان وەک جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە و شوێنی نیشتەجێبوون، بە پێی تایبەتمەندی جەستەیی و لایەنی ماددی دەگۆڕێت. ئەوانەی لە سەر کورسی گەڕۆکن یان قاچیان تەواو نییە بە ئاسانی دەستییان بە کرینی جلوبەرگ ناگات بە هۆی ئاستەنگی هاتووچۆ لە کاتی بازارکردن.

2- بەشێک لە بەشداربووانی توێژینەوە لە ڕووی دەروونی هەست بە سەلامەتی ناکەن، چونکە داهاتیان کەم و ناجێگیرەەوە، نەخۆشن و پێویستیان بە وەرگرتنی چارەسەری بەردەوام هەیە، لە لایەکی تر هەندێکیان لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە سەلامەتی دەکەن، چونکە ژیانیان سەلامەت و پارێزراوە.

3- زۆرینەی بەشداربووانی توێژینەوە لە کاتی تێکەڵاوی و دۆستایەتی لەگەڵ کەسانی دەوروبەر هەست بەخۆشەویستی دەکەن.

4 -جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ نییە، لە ڕووی هەستکردن بە ڕێزگرتن لە لایەن خەڵک و کار و تواناکانیان. واتە، سەرجەمیان هەست بە ڕێزگرتن دەکەن.

5 -سەرجەم بەشداربووانی توێژینەوە هەست دەکەن کەسێکی بەهێز و کارامە و سەرکەوتوون لە ژیان، لە پاڵ ئەوەی بەشێکیان پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان دابینەکراوە.

## تەوەری هەشتەم: پێشنیازەکانی توێژینەوە

1-ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی ڕۆڵی دام و دەزگا تایبەت و گشتییەکان لە چاودێرکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

2 - ئەنجامدانی توێژینەوە بە ناونیشانی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دایکان و باوکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شاری سۆران.

3 – ئەنجامدانی توێژینەوە بە ناونیشانی ئاستەنگە فیزیک و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

4- بۆ حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار، هەوڵبدرێت مووچەی کەسانی خاوەن پێداویستی بەپێی باردۆخی توانای جەستەیی و ژیانیان زیاتر بکرێت.

**پاشکۆ**

*** پسپۆڕەکان**

1. پ.د میدیا ابراهیم فتاح، کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران

2. پ.ی.د موراد حكيم محمد، کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران

3. پ.ی.د دلشاد صبری، کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران

4. پ.ی.د. سعيد فقێ ابراهيم، کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران

5. پ.ی.د. ابراهيم ملا زادە. کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران

6. د. مصلح ئیروانی، کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران

7. د. یاسین حسین مامەند، کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران

8. د. ڕێباز جلال، کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران

9. د. بارزان کمال حسن، کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران

10. د. حیکم قادر طه، بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحددین.

## لیستی سەرچاوەکان: (References)

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


بۆکانی، سابیر (**2016**) *میتۆدی توێژینەوەی زانستی*. چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

زێباری، طاهیر حسۆ (2018) ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا. و: شەهلا وەلی جەبار ، هەولێر، نووسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم.

سلیم، الغزوي فهمي، و هاوكاراني (**2016** ) *دەروازەی کۆمەڵناسی*. و توانا فریدون، چاپی یەکەم، تاران.

سماقەیی، ئەیوب ئەنوەر (**2016**) *بنەماکانی زانستی ئابووری*. هەولێر،چاپخانەی شەهاب، چاپی نۆیەم.

شڤان عبدالکریم عارف، و واحدە حمەوەیس نصرالله ( **2022**) *کێشە دەروونی و کۆمەڵاییەتییەکانی نابینایان*. تیزی ماستەرنامە. زانکۆی سلێمانی.

قەرەچەتانی، کریم شەریف ( **2016**) *سایکۆلۆژیایی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت*، سکوڵی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی سلێمانی.


### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

جاجان جمعة محمد، و ميران محمد صالح (2024) مشكلات ذوي الحتياجات الخاصة و أسرهم وجهة نظر العاملين في مراكز الرعاية الاجتماعية.جامعه دهوك{ئۆنلاين }. بتاريخ 2025/2/15 له:

https://ijohss.com/index.php/IJoHSS/article/download/431/430

خوجة،عادل (2018) مفهوم ذوى الاحتاجيات الخاصة من الجانب النظرى والتشريعي فى الواسط الجزائري،جامعه المسلية(الجزائر).{ئۆنلاين}. 14/8/2024 له:

https://www.asjp.cerist.dz

شايب فاطمه، وبعيو سامية (2017) الوصم الإجتماعي و أثره على اندماج المنحرف في المجتمع.دكتورا.جامعة محمد الصديق بن يحيى.

صراح، بولدراس (2022) المشكلات الاجتماعية والإقتصادية لذي الإعاقة في الجزائر من وجهة نظرهم (دراسة وصفى تحليلي،ولاية وهران أنموذجا).ماجستر،جامعة وهران.

صغير بن محمد الصغير (2023) نظرية ابراهام ماسلو: التدريج في الحاجات الإنسانية، و علاقتها بالسياسة الشرعية وسنالأنظمة، جامعة الملك سعود- المملكة العربية السعودية.

عبد الخالق يوسف الختاتنة (2000) آثار الإقاعة على أسر ذوي الإقاعة- دراسة ميدانية لأسر بعض المعاقين في محافظة اربد، جامعة اليرموك اربد، الأردن.

عسل، خالد محمد (2012) ذوي الحياجات الخاصة رؤي النظرية تدخلات ارشادية. {ئونلاين}. الطبعة الاولى، الدار الوفاء، الاسكندرية. بتاريخ 2024/12/15في:

https://www.noor-book.com/

نزار شبيب كريم ، و علاء حاتم محسين (2021) مفهوم الوصم وتمثلاته في النص المسرحي العربي "مسرحية السلطان الحائر أختيارأ.

نسرين كاظم زاده، پيمان صالحي، و نعمة پراندوجي (2012) دراسة وصمة العار رواية شيكاجو لعلاء الأسواني وفقا لنظرية إيرفينغ غوفمان. جامعة كوثر بجنورد.

**سەرچاوکان بە زمانی ئینگلیزی:**

Forgas, J.P (2012) Language and social situations. Springer Science & Business Media. https:// www.google scholar

Goffman, Evreng (1963) *Stigma: Notes on the Management of Spoiled Identity*. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall, Inc

Leavy, P (2022) Research design: Quantitative, qualitative, mixed methods, arts-based, and community-based participatory research approaches. Guilford Publications. https://www.google scholar

Maltby, john, Liz Day and Macaskill (2007) personaliy, individual differences and intelligence, England: Pearson Prentice Hall, on kapsabet municipality ،academic journals.

Maslow, Abraham, H (1954) *Motivation and Personality*. 1st ed. New York: Harper & Row Publishers, Inc. Reprinted 1970 by Harper & Row, Publishers.

Narayan, J. and Mittal, S.R (2024) "*Lived Experiences of Persons With Disabilities Who are Doubly Disadvantaged*", Rose, R. and Shevlin, M. (Ed.) Including Voices (International Perspectives on Inclusive Education, Vol. 23), Emerald

Publishing Limited, Leeds, pp. 27-42. https://doi.org/10.1108/S1479-363620240000023003

Schur, L., Kruse, D. and Blanck, P (2013) People with disabilities: Sidelined or mainstreamed?. Cambridge University Press.https://www.google. scholar com.

Tungaraza, F.D (2012) Who Sinned? Parents' Knowledge of the Causes of Disability in Tanzania. International Journal of Special Education, 27(2), pp.216-224.https:www.google scholor.com.

## الوضع الاجتماعي والاقتصادي للأشخاص ذوي الاحتياجات الخاصة في إدارة سوران المستقلة

### الملخص

تهدف هذه الدراسة بشكل أساسي إلى تحليل ووصف الوضع الاجتماعي والاقتصادي للأشخاص ذوي الاحتياجات الخاصة، مع التركيز على تحديد مستوى ونوع تلبية احتياجاتهم الأساسية. اعتمدت الدراسة في تحليلها للوضع الاجتماعي والاقتصادي للأشخاص ذوي الاحتياجات الخاصة وتحديد احتياجاتهم على: نظرية الوصمة الاجتماعية :للعالم إرفنج جوفمان، والتي تصف كيف أن السلوك والهوية الذاتية للأفراد يتأثران بالمصطلحات التي تسخدم لوصفهم وتصنيفه. و نظرية دافعية الاحتياجات (هرم ماسلو) :للعالم أبراهام ماسلو، والتي تناقش ترتيب احتياجات الإنسان والدوافع التي تحركه، بدءا من الاحتياجات الفسيولوجية الأساسية وصولا إلى تحقيق الذات.

تبعت هذه الدراسة المنهج النوعي لجمع البيانات، حيث تم استخدام المقابلات شبه المنظمة .وقد أجري البحث في إدارة سوران المستقلة ، وتم اختيار عينة قصدية ، بلغ حجمها (15) شخصا من ذوي الإعاقة، بواقع (7) إناث و(8) ذكور. كشفت الدراسة عن عدة نتائج هامة، أبرزه اولآ: الوضع الاجتماعي :يعاني الأشخاص ذوو الإعاقة من وضع اجتماعي غير مرض ، حيث تتسم نظرة المجتمع تجاههم بمزيج من التعاطف والسلبية في آن واحد. وكثيرا ما يطلق عليهم تسميات غير لائقة، ويحرمون من المشاركة الفاعلة في الأنشطة والعلاقات الاجتماعية على قدم المساواة مع غيرهم.ثانيا: الوضع الاقتصادي :يواجه

الأشخاص ذوو الإعاقة تحديات اقتصادية كبيرة، فبسبب خصائصهم الجسدية، يرفض توظيف العديد منهم، مما يحرمهم من فرص العمل.

**الكلمات المفتاحية: الوضع الاجتماعي، الوضع الاقتصادي، الأشخاص ذوي الاحتياجات الخاصة، الحاجات.**